هزر



# جوانیناسیی ئازایەتیی شیعر و دابڕانی مێژوویی

## دەربارەی هۆڵدەرلین و سەکۆی مێژوو لای واڵتەر بنیامین

پێشڕەو محەمەد

ژنەفتن
JINEFTIN.KRD
ماڵپەڕێکی هزری و کولتوورییە
jineftin.krd

هزر

ماڵپەڕی ژنەفتن ٢٠٢١

jineftin.krd

## پوختە

ئەم وتارە هەڵوەستە لەسەر ئەوە دەکات کە چۆن فریدریش هۆڵدەرلین (١٧٧٠-١٨٤٣) کێشە و پارادۆکسی ئازایەتیی شیعریی (poetic courage) لە چامەکەیدا بە ناوی "گەوجێتی" (Blödigkeit) دەردەخات، هەروەها شیکاریی تازە و ڕەخنەیی واڵتەر بنیامین (١٨٩٢-١٩٤٠) لەسەر چامەکە و نوسخەی پێشووی شیعرەکە بە ناوی "ئازایەتیی شاعیر" (Dichtermut) بەدەستەوە دەدات. ***بنیامین*** دەڵێت چامەی "گەوجێتی" ئەو شتە چارەسەر دەکات و گرێکەی دەکاتەوە کە خۆی پێی دەڵێت ***پارادۆکسی ئازایەتیی***: کەسی ئازا هەم دەبێت مەترسیی بناسێت و هەم لە بیریشی بکات، لە هەمان کاتدا بترسێت و نەشترسێت. لە ڕوانگەی ئەوەوە، چامەکەی هۆڵدەرلین، ترس و ئازایەتی یان گەوجێتی/ترسنۆکی و جەبانێتی لە ڕێگای "بە تەواوی خۆبەدەستەوەدانیی بۆ پەیوەندییەوە" یەکدەخات، ئەمەش بە جۆرە ***وەستان***ێک ناسراوەتەوە. چەمکی ***وەستان***، کە دەبێتە سەرەکیترین و ڕادیکاڵترین دابڕانی بنیامین لە نەریتی ڕۆمانتیکی ئەڵمانی، کە وەلائی بۆ بەهەشتی ونبووی ناو سەدەکانی ناوەڕاست هەبوو. هەروەها بەشێکی دیکەی ئەم لێکۆڵینەوە، تەرخانکراوە بۆ دیارترین ڕاڤەکانی هۆڵدەرلین لە سەدەی بیستدا: ***مارتین هایدیگەر*** (١٨٨٩-١٩٧٦) و هەردوو تێگەیشتنی بنیامین و نووسەری کتێبی "بوون و کات" بەراورد دەکات، بە تایبەت لە خاڵە یەکتربڕە سەرەکییەکاندا: فەیلەسوفە ئایدیالیستە ئەڵمانییەکە، هۆڵدەرلین و شیعرەکانی وەك دەرکەوتنی حەقیقی مێژوویی لە پێناوی بەردەوامیدا دەبینێت، کەچی بیرمەندە مارکسیست و ماتریالیستەکە، چەمکی شیعریی شاعیرە ڕۆمانتیکە ئەڵمانییەکە وەك وەستانێکی لەناکاوی مێژوویی دەبینێت.

وشە سەرەکییەکان: واڵتەر بنیامین، ئازایەتی، ترس، هۆڵدەرلین، هایدیگەر، وەستان، مێژوو، شیعر، گەمژەیی، ترسنۆکی.

## بنیامین: دوو شیعرەکەی هۆڵدەرلین

بنیامین لەو وتارەدا کە بە ناوی "دوو شیعرەکەی فریدریش هۆڵدەرلین" ( ZweiGedichte von Friedrich Hölderlin) بڵاوی دەکاتەوە، هەڵی ڕوونکردنەوەی توانا بنچینەییەکانی مەعریفە و زانینێکی نێو هەلومەرجەکانی بنچینەی فەلسەفی-مێژوویی ئۆبژێکت و بابەتی شیعرەکان ڕوون بکاتەوە. ئەم پێکهاتەیەش لەنێو ئەم ناکۆکییەدا ڕوودەدات کە دەیەوێت ئاسۆ بەرتەسکەکانی تەفسیر و ڕاڤەی ناونشینیی تێکستەکانی هۆڵدەرلین ڕەتبکاتەوە و شیکارییەکەی خۆی لەسەر بناعەی ڕاڤەی فۆرمی هونەری پێشمەرجە فیکری و مەعنەوییەکانی دەقەکان

دابمەزرێنێت. لەم دەقەدا دوو گرفت ڕووبەڕووی لێکۆڵەر، ڕاڤەکار و هتد دەبێتەوە: کێشەی زاراوەناسی و کێشەی ناڕوونیی لە هەڵوێستی سیاسی و فەلسەفیی بنیامین لەو سەردەمەدا، بەڵام بە بەراوردکردنی بە قۆناغی دواتر، کاتێك هەمان ئەم چەمکانە لە قۆناغی دواتردا دووبارە دەبنەوە، بەڵام ئەمجارە عەینەکی ماتریالیزمی مێژوویی لەچاو دەکەن، ئەوسا لێکۆڵەر و ڕاڤەکار و خوێنەر دەتوانێت، ئاسانتر لەو هەڵوێستانە (هیچ نەبێت بە شێوەیەکی ڕێژەیی) تێبگات؛ بەڵام ئەم کارەش پێویستی بە پرۆژەیەکی دوور و درێژتر هەیە و لەم لێکۆڵینەوەیەدا جێگای نابێتەوە، کە تایبەتە بە تەفسیری شیعر و شاعیریی و بە تایبەتیش هۆڵدەرلین، نەك ئەو هەموو شاعیرەی بنیامین کاری لەسەر کردوون. بە کورتی، با باسی کێشەی یەکەم بکەم.

بنیامین بە گشتی و زۆرجار بە شێوەیەکی خێرا دەپەڕێتەوە سەر کۆمەڵە زاراوەیەك کە بە شێوەیەکی تەکنیکی ئاسان نین تەعبیریان لێ بکرێت، ئەمەش دیسان پرۆژەیەکی دوور و درێژتر دەخوازێت، بۆ نموونە لە زمانی ئەڵمانیدا هەمیشە پاشگرەکانی وەك (barkeit) لە ئینگلیزیدا (ability) بەکاردەهێنێت. بۆ نموونە، وشەی وەرگێران بە نموونە وەربگرین: Übersetzbarkeit (بە ئینگلیزی: translatability) کە بە مانای قابیلییەتی وەرگێران، یاخود هەموو تێکستێك لە ناوەوەی خۆیدا وزە و توانا و هێزی وەرگێرانی هەڵگرتووە. ئەمە بۆ زاراوەکانی دیکەش ڕاستە[1].

"بەشیعریبوون بریتییە لە هاوشێوەبوون لەگەڵ ژیاندا". وتارەکەی بنیامین ئاوا دەست پێ دەکات. ئەمە یەکەم وتاری بنچینەیی ئەویشە دەربارەی بابەتی ئەدەبی. مەبەستیی وتارەکەش لە ڕێگای ناونیشانە پەخشانی و هاوکات ماندووکەرەکەیەوە دەردەکەوێت. ئەوەی لە ڕاستیدا بنیامین دەیەوێت قسەی لەسەر بکات، کەمتر ڕاڤەکردنی شاعیرە ڕۆمانتیکە ئەڵمانییەکەیە، پێویستە ئەوە ڕوون بکەینەوە کە بۆچوونە ئێستاتیکایی و فیکرییەکەی بنیامین شتێك نییە دەربارەی ڕۆحییەتی شیعری یان جوانیی چۆنایەتییە ئێستاتیکاییە شیعرییەکان. بۆ تێگەیشتن لەوەی ئەو دەیەوێت چی بکات، سەرەتا پێویستە بە تەواوی لەوە تێبگەین کە ئەو چی ناکات. بەمجۆرە، بنیامین خۆی ڕێنماییمان دەکات: "هیچ شتێك لێرەدا دەربارەی پرۆسەی دانانی غەزەلەکە، دەربارەی کەس و جیهانبینیی خوڵقێنەرەکە ناگوترێت"[2]. ئەگەر فۆرمی ناوەکیی پەیوەندیی بە پرۆسەی دانانی غەزەلەکەوە نییە و ئەگەر پەیوەندیی بە هیچ سەرچاوەیەکی دەرەکی وەك جیهانبینیی نووسەر/خوڵقێنەری غەزەلەکەشەوە نییە، کەواتە ئەوەی بنیامین لەم وتارەدا باسی دەکات بانگەشەکردنە بۆ شیعر کە سنوورەکانی میتۆدی تێپەڕاندووە و بەسەر ڕاڤەی ئەدەبیشدا زاڵ بووە. لەبەر ئەوە، جدییبوون دەربارەی پێگە و گرنگیی زمانی شیعری، وتارەکەی بنیامین دەکاتە هەوڵێکی دیاریکراو بۆ تێگەیشتنێکی دەقیق لەوەی بە ڕاستی "ئەرکی شیعری" چییە. هەڵبەت ئێمە دەزانین بنیامین لە دەستپێکی وتاری بەناوبانگی "ئەرکی وەرگێر"دا، کە ساڵی ١٩٢٣ وەك پێشەکییەك بۆ وەرگێرانی "تابلۆ پاریسییەکان"ی شارل بودلێر نووسیویەتی، دەڵێت: "لە کاتی هەڵسەنگاندنی کارێکی هونەری یان فۆرمێکی

[1] بۆ وردەکاریی لەسەر پرسی تێرمینۆلۆژیی لای بنیامین، بگەڕێنەوە بۆ ئەم سەرچاوە:
Peter Fenves, The Messianic Reduction, Walter Benjamin and the shape of time, Stanford University Press, California, 2011, pp.18-21.

[2] Walter Benjamin, Selected Writings1913-1926, vol.1, ed. Marcus Bullock and Michael W. Jennings, Cambridge, MA: Harvard University Press, 1996, p.18.

هونەرییدا، بیرکردنەوە لە وەرگر (بەربێز)[3] هیچ بەرهەمێکی نییە و بە کەڵکی هیچ نایەت. نەك تەنها هەر گەڕانەوەیەك بۆ گشــتێکی دیاریکراو یان نوێنەرەکانی، فریودەرانە و بەلاڕێدابردنە، بەڵکو تەنانەت چەمکی وەرگرێکی "ئایدیال"یش لە بیرکردنەوەی تیۆرییانەی هونەردا زیانبەخش و کێشەسازە، لەبەر ئەوەی هەموو ئەو شتەی ئەم چەمکە گریمانەی دەکات، بوون و سروشتی مرۆڤە بەگشــتی یان وەك ئەوەی هەیە. هونەریش، بە هەمان شـێوە، بوونی فیزیکیی و رۆحیی مرۆڤ وەك گریمانە وەردەگرێت، بەڵام هیچ یەکێك لە کارە هونەرییەکانی بیر لە کاردانەوەکانی ئەو ناکاتەوە. شیعر بۆ مەبەستی خوێنەر نەنووسراوە، هیچ تابلۆیەك بۆ بینەر نەکێشراوە، هیچ ســـەمفۆنییەك بۆ گوێگر دانەهێنراوە"[4]. وردەکارییەکانی ئەم ئەرکە پێویســـتی بە لێکۆڵینەوەی دوور و درێژ هەیە و رەنگە ســـەر لە خوێنەریش تێك بدات، چونکە تەنانەت خودی دەقەکە پڕیەتی لە چەمك و شـــەرحی چەمکەکان (وتارەکە خۆی لە فۆرمەکانی فرمان و بکەر نادیارداا نووسراوە).

ڕوونکردنەوەی ئەرکی شـــیعری پەیوەندیی بە پرســـی میتۆدەوە هەیە: چۆن دەکرێت بە شێوەیەکی شایستە ڕەهەندی شیعریی شیعرێك جەختی لەســەر بکرێتەوە بەبێ پەیوەستبوون و پشـت بەسـتن بە هۆکارە دەرەکییەکانەوە یان شـیکردنەوەکانی وەك ئەوانەی لە لایەن مێژوو، کۆمەڵگا، سـیاسـەت و هتدەوە بەدەسـتەوە دراون؟ لە وەڵامی ئەم پرسـیارەدا، بنیامین ئەرکی شیعری وەك شتێك دەخاتە ڕوو کە بە شێوەیەکی تاقانە لەهەر شیعرێکدا ڕوودەدات. بەمجۆرە، خوێندنەوەی واقیعییانەی بەرهەمێك وەك شـتێکی حەتمی بۆ بنیامین دەمێنێتەوە – لەمڕووەوە بە پێچەوانەی ناونیشانی بێ ڕۆح و وشکی وتارەکەوە: "دوو شیعری فریدریش هۆڵدەرلین".

لای بنیامین، پەیوەندیی ژیان بە بەرهەمی هونەرییەوە لە چەقی شـیعردا وەسـتاوە. ئەوەی لەم پەیوەندییەدا گرنگە ئایدیایەکی تاقانە نییە – بنیامین ئەمە وەك نکوڵیکردنی ژیان دەبینێت. بە پێچەوانەوە، ئەوەی گرنگە بریتییە لە "بازنەی پەیوەندیی". ئەم مەیدان و بازنەیەی پەیوەندیی، وەك بنیامین باسـی دەکات، بریتییە لە فۆرمی ناوەکیی شیعر. لەناوەوەی ئەم مەیدانەدا، ژیان و کاری هونەری لەنێو یەکێتیدا دەژیت. ئەم یەکێتییە بریتی نییە لە پەیوەندییەکی وەستاو یان خاڵ و پنتی گەڕانەوە (ئەمەش دیسان نکوڵیکردن دەبێت لە ژیانی دەق). تێگەیشتنێکی دیکەی یەکێتی لێرەدا بوونی هەیە، کە ڕیشەی لەنێو ژیان دایە.

بۆیە ئەوەی بنیامین دەیەوێت لێرەدا باســـی بکات، دەکرێت بە تێگەیشـــتن لە شـــیعرییەت هەڵبسـەنگێنرێت کە لەسـەر پەیوەندییەکانی ژیان و بەرهەم دامەزراوە. بە مانایەکی دیکە، ئەوە مەحاڵە هەموو ئەگەرەکانی ناو ژیان و بەرهەم بەتاڵ بکرێنەوە، کە هەر یەکێکیان لەســـەر ئەویدیکەیان دامەزراوە. ئەگەر وابووایە، ئەوا ئەم شـیعرە، یان هیچ شـیعرێك، هیچ شـیعرێکی ئایدیال بوونی نەدەبوو. بە کورتی، ئەوەی بنیامین لەم وتارەدا دەربارەی هۆڵدەرلین دەیەوێت دایبمەزرێنێت، بریتییە لە گرنگیی شـیعرییەت بەبێ پشـت بەسـتن و گەڕانەوە بۆ سـەرچاوەی دەرەکیی مانا، ئینجا ئەمە لەنێو سـیاقی کۆمەڵایەتیی شـیعر یان ژیانی نووسـەردا بدۆزرێتەوە

---

[3]Rücksicht (receiver)

[4]واڵتەر بنیامین: ئەرکی وەرگێڕ، وەرگێڕانی پێشڕەو محەمەد، لە: وەرگێڕان کردەیەك زیاتر لە گۆڕینی وشە، ئامادەکردن و وەرگێڕان: ساڤان ئاکۆ و پێشڕەو محەمەد، ناوەندی کولتووریی دیدی من، سلێمانی، ٢٠١٨.

یاخود لە چەند ئایدیالێکدا[5]. هەڵبەت ئەوەی لێرەدا باسکرا، ڕەهەندی یەکەمی شیعرەکەیە، کە ڕەهەندە میتۆدۆلۆژیی و ئەو شێوازی نووسینەیە کە بنیامین گرتوویەتیە بەر؛ بەڵام لە تێگەیشتنی بنیامیندا بۆ شیعرەکانی هۆڵدەرلین، گەلێك ڕەهەندی دیکە هەن دەبێت کەشف بکرێن.

## پارادۆکسی ئازایەتی

ئەوەی بنیامین وەك پارادۆکس دەربارەی ئازایەتی دەیبینێت، بریتییە لەو ناکۆکییە دەرکەوتوویەی پێویستی بە وشیارییەکی هاوکات و ئیهانەکردن بە مەترسییەکی زانراو هەیە – بە مانایەکی دیکە، ئەمە پێویستی هەم بە ترس و هەم چاونەترسی هەیە. بنیامین بانگەشەی ئەوە دەکات دەکرێت کەسێك چارەسەری ئەم ناکۆکییە بکات لە ڕێگای فراوانکردنی ئەو مەترسیانەی وەك تاکەکەسێك ڕووبەڕووی بوونەتەوە – داوەشان و مەرگ – بۆ هەڕەشەیەکی ئاراستەکراو بۆ جیهان و لە ڕێگای خۆبەدەستەوەدانێکی خۆویستانە بۆ ئەم مەترسییە و مردن لە پێناوی ئەو جیهانەی تیایدا هەموو ناکۆکییەکان، بە ململانێی نێوان ژیان و مەرگیشەوە، تواونەتەوە[6]. بنیامین ئەو مەترسیانەی ڕووبەڕووی تاکێك دەبنەوە وەك "هێزە ناونشینەکان وەسف دەکات، کە هەموو ڕۆژێك، لە فۆرمی شتە کۆت و بەندکراوەکاندا، دەوری جەستە دەتەنن"، و هەڕەشە لە لەناوبردنی تاکەکە دەکەن. ئەو کەسەی تەنها دژی هێزە تەریککارەکان دەجەنگێت کە دەوریان تەنیوە، بە حەتمیی دەکەوێتە نێو پارادۆکسی ئازایەتییەوە و لەنێوان تێگەیشتن و متمانەدا دووکەرت دەبێت، بەڕادەیەك ئەو کەسە دەبێت هەم ئاگای لەو هەڕەشەیە بێت کە ڕووبەڕووی بووەتەوە و هەمیش فەرامۆشی بکات. بە پێچەوانەوە، ئەو کەسانەی خۆویستانە خۆیان داوەتە دەستی مەترسیی سەرجەمی جیهانەوە، چالاکیی ئازایەتیی ئاوێتەی ناچالاکێتیی ترس دەکەن و، بۆ هەمیشە لە خەمۆکیی نەجاتیان دەبێت. لەبەر ئەوە، بەگوێرەی بنیامین، ئەم کەسە هەموو هێزەکان لە ڕێگای خۆبەدەستەوەدانەوە "ئازاد"، "سەقامگیر" و "هێمن" دەکاتەوە، بە دەسەڵاتەکانی خوداشەوە. "هەموو پەیوەندییە ناسراوەکان" لە مەرگی شاعیردا "یەکیان گرتووە"؛ ئەو "فۆرمی ناکۆتایی و چاونەترسی، نەرمی نواندنی کاتی و بوونی ڕۆحانی، ئایدیا و هەستیارێتیی" ژیان و مەرگ یەکدەخات. سنوورەکانی جەستەی تاك دەتوێتەوە و بە خۆبەدەستەوەدانی مەترسییەکان دەردەکەوێتەوە، کە بەمجۆرە کارەکتەری هەڕەشەئامێزی خۆیان لەدەست دەدەن: "فیگوری تەریك" لەنێو "نەزمی فەزا-زەمەنیدا" هەڵدەگیرێت و گۆڕانی بەسەردا دێت[7].

لای بنیامین، ئازایەتیی ئەو کەسەی لە ڕێگای خۆقوربانیکردنەوە "یەکێتیی پەیوەندییەکان" دروست دەکات، لە چامەی "گەوجێتی"ی هۆڵدەرلینی شاعیردا بە باشی دەرك دەکرێت. بنیامین دەڵێت:

---

[5]David S. Ferris, The Cambridge Introduction to Walter Benjamin, Cambridge University Press, New York, 2008, p.49.
[6]Walter Benjamin, Selected Works, vol.1, 33-34.
[7]بنیامین، هەمان سەرچاوە، ل٣٤.

"شـــاعیر ترســـی لە مەرگ نییە؛ ئەو پاڵەوانە، چونکە لەنێو کرۆك و چەقی هەموو پەیوەندییەکاندا دەژیت... هەموو پەیوەندییە ناســـراوەکان لەنێو مەرگدا یەکیان گرتووە، کە ئەمەش جیهانی شاعیرە"[8].

وەك لەســەرەوە باسکرا، خۆبەدەســتەوەدانی شــاعیر، لە ڕوانگەی بنیامینەوە، دژی ترس نییە، بەڵکو، ئاوێتەکردنی ناچالاکی و چالاکی، بریتییە لە ئازایەتی و "گەوجێتی" لە هەمان کاتدا – ئەو ڕوانگەیەی ڕێگا بە بنیامین دەدات ڕوونکردنەوە بۆ نـاونیشـــانی فزوڵیانەی چامەکەی هۆڵدەرلین بەدەستەوە بدات.

"گەوجێتی" ئێســـتا بووەتە دۆخی ڕەســـەنی شـــاعیر. لەو کاتەوەی چووەتە ناوەڕاســتی ژیانەوە، هیچ شـتێك چاوەڕوانی ناکات، جگە لەبوونێکی وەسـتاو، نـاچالاکییەکی تەواو، کە بریتییە لە جەوهەری ئـازایەتییانەی مرۆڤ – هیچی دیکە جگە لە خۆبەدەستەوەدانی خۆی بە تەواوی بۆ پەیوەندیی[9].

بنیامین ڕێگاچارەی شـــاعیر بۆ پارادۆکســـی ئازایەتیی – خۆبەدەســـتەوەدانی بێ باکانە و نیگەرانـانەی هـاوکـاتی ئەو بۆ دامەزرانـدنێکی گەردوونی، پەیوەنـدییە یەکگرتووەکـان – وەك دەرکەوتەی "پرەنسیپی بەشـیعربوون" یان "ئایدیالی لەپێشـینە"ی شـیعر بە گشـتی دەبینێت، کە خۆی وەك "باڵادەسـتیی موتڵەقی پەیوەندیی" [AlleinherrscaftderBeziehung] پێناســـەی دەکات. بۆیە خۆبەدەستەوەدانی شاعیر، کە لە شیعر یان "گۆرانی" [Gesang] جیاناکرێـــتەوە، دەبێتە "نێوەنجی لەمســـەنکراوی هەموو پەیوەندییەکان" و هەمان "پرەنســـیپی فۆرم". بنیامین دەڵێت: "وەك ئەوەی شـیعر هەرگیز بۆ بەشـیعریکردنی سـەرتاپایی پیشـان نادرێت و خوێنەر هەرگیز ناتوانێت بە تەواوی تێی بگات"[10]، کەواتە شـــاعیر بە گشـــتی وەك پرەنســـیپی فۆرم دەردەکەوێـت، واتـا لەو شـــوێنەدا کە دیـار نـامێنێـت: ئەویش لە ڕاکێشـــانی برێـك یـان *ڕاوەســـتـان*(Zäsur)، کە هەم دژ و هەم لکێنەری هەریمە مرۆیی و یەزدانییەکانە. ئـا لێرەدا نووسینی سەرەتایی بنیامین پەیوەندیی بە نووسینی دواتری خۆیەوە درووست دەکات، لە چەمکی وەســـتاندا. ئەگەرچی بنیامین لە ســـەردەمی ڕۆمانتیســـیزمدا، ئەم وەســـتانەی وەك دابڕانێك لە ســـەرمایەداریی لە شـــاعیردا دەبینییەوە، بەڵام هەر ماوەیەك دواتر بەرەو فریدریش شـــلێگل دەڕوات و تـا ئەو کـاتەی دەگـات بە مـاتریـالیزم، بەڵام پەیوەنـدییەکی نەپچڕاو هەیە و من لە بەشەکانی دواتردا باسی دەکەم.

شـــیکاریی بنیامین بۆ چامەی "گەوجێتی"ی هۆڵدەرلین لەوانەیە هەم ئاڵۆز و هەم بێباکانە بێت، بەڵام ناکرێت بەوە تۆمەتبار بکرێت کە بە هەڵە تەفســـیری چامەکەی کردووە، لە کاتێکدا هێشــتا خودی ئەم کارە وەك "تەفسـیر" دەرکنەکراوە بەڵکو وەك "لێکدانەوەیەکی ئێسـتاتیکایی" دەیبینێت. لای بنیامین، ئامانجی ئەمجۆرە لێکدانەوەیە کەشفکردنی بەشـیعربوونی شـیعرەکەیە، کە خۆی ئەمەش وەك "ئەرك"ێك پێناســـە دەکات، کە هەر شـــیعرێك دەبێت ئەو ئەرکە ئەنجام

[8] هەمان سەرچاوە، ل٣٤.
[9] هەمان سەرچاوە.
[10] Benjamin,Walter. Gesammelte Briefe. Vol. 3. Ed. Christoph von Gödde and Henri Lonitz (Theodor W. Adorno). Frankfurt am Main: Suhrkamp, 1997, s.108.

بدات. بەشیعریبوون بە شێوەیەکی کورت لە کۆتایی لێکدانەوەکە بە ئیقتیباسکردن لە دارشتەی "باڵادەستیی تەواویی پەیوەندیی" پێناسە کراوە، کە لە چامەی "گەوجێتی"دا بنیامین "دارشتن [یان دروستکردن gestalt] وەك ئازایەتیی" لەقەڵەم دەدات[١١]. بۆ ئەوەی هێندەی ڕێی تێدەچێت لە ناسینەوەی بەشیعریبوونی شیعر یان حوکمڕانیکردنی پەیوەندیی لە "یەکێتیی ئەرکدارانە"ی ڕەگەزەکانی خۆی نزیك ببینەوە، ئەوا لێکدانەوەی ئێستاتیکی دەبێت "خەسڵەتە" دیاریکراوەکانی نێو شیعرەکە و پۆتێنشیاڵە زیادەکانی "دیکە" فەرامۆش بکات. سەرەڕای ئەمە، ئەو ڕوانگەیەی بنیامین - کە هۆڵدەرلین شیعر وەك یەکێتیی پەیوەندییەکان دەبینێت - خۆی لە ڕێگای ***وەستان***ەوە بەیان دەکات، پشتیوانی بۆ سەلماندنی خۆی نەك تەنها لە چامەی "گەوجێتی"ی هۆڵدەرلیندا دەبینێتەوە، بەڵکو هەروەها لە "تێبینی"یە گرنگەکانی خۆیدا دەربارەی تراژیدیای ***ئەنتیگۆنە*** و ***ئۆدیپوس***ی سۆفۆکلیسدا پەیدا دەکات، کە لێرەوە تێگەیشتن و چەمکی شیعری مۆدێرن وەك mechane دەرککراوە[١٢].

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم وتارە دەڵێت کە فۆرم و زمانی چامەی "گەوجێتی"ی هۆڵدەرلین، لە کاتێکدا بناغەیەکی پتەو بۆ لێکدانەوە و ڕاڤەکەی بنیامین بەدەستەوە دەدات، کەچی بەرانبەر بە پاڵاوتن و خەسڵەتی بەرزکەرەوانە دەوەستێتەوە. وتارەکە، کە بە شێوەیەکی ڕەخنەیی لەسەر بنەمای تێگەیشتنەکەی بنیامین دامەزراوە، ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە "گەوجێتی" بە شێوەیەکی وریایانە ڕێگا بەرەو mechane خۆشدەکات کە ئەمەش ناتوانێت بەتەنها کورتبکرێتەوە بۆ ئایدیای یەکێتیی هەموو پەیوەندییەکان. بەمجۆرە چامەکەی هۆڵدەرلین ناکرێت وەك پیشاندانی ئایدیاڵی شیعرییەت لە دروستبوونی ئازایەتیدا تەفسیر بکرێت کە ناکۆکیی ناوەکیی خۆی لەنێوان ئاگاداربوون و بێ ئاگایی بەرانبەر بە مەترسیی، لەنێوان ترس و چاونەترسیدا چارەسەر کردووە. "گەوجێتی" دەکرێت وەك ئاراستەیەکی وشیارانە بەرانبەر بە چارەسەرکردنی پارادۆکسی ئازایەتیی شیعری لێکبدرێتەوە.

لە ڕاستیدا تێگەیشتنی بنیامین بۆ ئازایەتیی وەك خۆ-قوربانیکردن لە پێناوی جیهاندا، بە تایبەت لە قۆناغی ڕۆمانتیسیزمدا، وا دەردەکەوێت کە پێکهاتەی پارادۆکسییانەی ئازایەتی بکرێتە شتێکی هەمیشەیی. لێرەدا ئەو پرسیارە سەر هەڵدەدات کە تاکە کەسێك دەتوانێت متمانەی بەرفراوان بەخۆ و جیهان بکات کە پێویستی بەوە دەبێت لە پێناوی زاڵبوون بەسەر مەرگدا، ئاگاداریی لەسەر ئەو مەترسییە بڵاوبکاتەوە کە هەڕەشە لەسەرجەمی گەردوون دەکات؟ ئایا پێناچێت لەو قۆناغەدا خۆ-قوربانیکردنی شاعیر ریسکێك بێت دابەشبوون و مەرگ بهێنێت لەبری ژیانی هەمیشەیی و یەکێتیی هەموو پەیوەندییەکان؟ ئایا ناکرێت ئەو لەبری ئەوەی ئازا بێت، بەڵام ئاگای لەو مەترسییە بێت و لە هەمان کاتدا پشتگوێی بخات، پشت بە دەسەڵاتەکانی خۆی ببەستێت، هەروەها لە هاریکاریدا بێت لەگەڵ مرۆڤەکانی دیکەدا؟ نابێت لە هەمان کاتدا بە تەواوی ترسابێت و هاوکات بە شێوەیەکی پێشبینی نەکراو بەهێز بێت بەبێ ئەوەی بتوانێت لەگەڵ ئەم گرژییەدا ئاشت ببێتەوە، بەڵام دووبارە لەنێو ناکۆکییەکانی ئازایەتیدا پێی بگات و

[11]Walter Benjamin, Selected Works, vol.1, 34.

[١٢]مەخانە، جۆرە ئامێرێکی بەرزکەرەوەی وەك کرێن وابوو لە شانۆی یۆنانی کۆندا بەکارهێنراوە بەتایبەت لە سەدەکانی ٥ و ٤ی پێش زایین.

بیگرێت؟ ئایا پێناچێت سروشتی توندی ئەم گرژییە تەنانەت کاریگەرییەکی وێرانکەری هەبێت کە ببێتە ڕێگر لەبەردەم هەر چالاکییەکی شاعیرانەدا؟

ئەم پارادۆکسە لای بنیامین لە سەدەمی شیکاریی هۆڵدەرلیندا دەمێنێتەوە، تا – وەك باسم کرد – بنیامین دەگات بە ماتریالیزم، لەوێوە ڕوون دەبێتەوە، بەتایبەت لە شیکارکردنی ***شارل بودلێر*** وەك نۆستالژیا و حەسرەتی بەهەشتی ونبووی قۆناغی پێش مێژوویی، یان بەو چەمکانەی لە باخۆفن و فریدریش ئەنگڵس وەریدەگرێت، قۆناغی کۆمەڵگای پێش چینایەتی. سەرجەمی شیعری بودلێر، گەڕانە بۆ دۆزینەوەی بەهەشتی ونبوو، لەو قۆناغەدا بەهەشتی ونبوو، بریتییە لە کۆمەڵگای بێ چین، و گەڕانەوەیە (بەڵام نەك گەڕانەوەی تەکنیکی)ی بۆ قۆناغی پێش مێژوویی، بەڵام لەسەردەمی هۆڵدەرلیندا، ئامانجە هێشتا هەر گەڕانە بۆ بەهەشتی ونبوو و پەیداکردنەوەی، بەڵام ڕۆمانتیسیزم، ئەم بەهەشتەی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا دەبینییەوە، بە چەمکە خەیاڵییەکانەوە. سەرەڕای ئەمە، تەفسیرەکەی بنیامین بۆ شیعرەکانی هۆڵدەرلین، بەتەنها بریتی نین لە شیکردنەوەی ئازایەتی و گەوجێتی، وەك شتێکی پارادۆکس و پاشان چارەسەرکردنی لە ڕێگای خۆبەدەستەوەدانی شاعیرەوە بۆ ئامانجێکی گشتیتر، کە گەڕانە بۆ ئەو بەهەشتە، دژی دۆزەخی ئامادە.

## ڕۆمانتیسیزمی ئەڵمانی و ئێستاتیکای هۆڵدەرلین

وتارەکەی بنیامین یەکەم کاریەتی کە دامەزراندنی تیۆرییەکەی خۆی دەربارەی زمان، هەم فەلسەفەی هونەری ئەو – بە تایبەت شیعر – و میتۆدەکەی دەربارەی "لێکدانەوەی ئێستاتیکی" بەدەستەوە دەدات. ئەم میتۆدەش پشت بە فیلۆلۆژی یان بایۆگرافی نابەستێت، هەروەها تێگەیشتنی نووسەریش بۆ جیهان لای ئەو گرنگ نییە. ئەمە جۆرێکی بەهێزی "خوێندنەوەی ناونشین"ـە کە دوای پرەنسیپەکانی ئێستاتیکای ڕۆمانتیسیزمی سەرەتای ئەڵمانی دەکات. ئەوەی گرنگە بریتییە لە "فۆرمی ناوەکیی" شیعر، "ئەوەی گوتە وەك ناوەڕۆکی خۆی پێناسەی دەکات". لە نیگای یەکەمدا، ئەم "ناوەڕۆك"ـە – کە بەزوویی دەبێتە "ناوەڕۆکی حەقیقەت" – قورسە لە ڕوانگەی جیهان جیابکرێتەوە؛ بنیامین باس لە "پێکهاتە دەکات کە دەکرێت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەلایەن زەین، زەینی جیهانەوە بۆ ئەو شتە دەرك بکرێت، کە شیعر شایەتحاڵەکەیەتی". بەڵام ئەوەی ئەم پێکهاتەیە لە ڕوانگەیەکی شایستە لە دانەرێك یان یەکێکی دیکە جیادەکاتەوە بریتییە لە زەروورەتێکی بابەتیی کە شتێکی جەوهەریی و ناوەکییە بۆی و بنیامین بەمەش دەڵێت: "ئەرك": "ئەم ئەرکە بریتییە لە پەیبردن و دەرەنجامگیریکردن لەخودی شیعرەوە. پێویستمان بە تێگەیشتن لێی هەیە وەك پێشگریمانەی شیعریی، وەك پێکهاتە کە دەکرێت لە لایەن زەینی جیهانەوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەرك بکرێت، کە شایەتحاڵەکەیەتی. ئەم ئەرکە، واتا پێشگریمانەکردن، بریتییە لەوەی ئێمە وەك دامەزراندنی دوایەکییانەی شیکارییەك دەرکی دەکەین کە دەتوانین پێی بگەین"[١٣].

---

[١٣]بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:
Rainer Rochlitz, the Disenchantment of Art, the Philosophy of Walter Benjamin, trans. Jane Marie Todd, the Guilford Press, New York and London, 1996, p.49-50.

بنیامین هەوڵدەدات ئەم "ئەرك"ـــە، وەك پێوەری شیکارییەکی ناونشین بەرەو ئەو شتە پێناسە بکات کە ئێستاتیکاکەی خۆی لەسەر دامەزراندووە. بەناوی چەمکێکی شکۆمەندانەی حەقیقەتەوە، ئەو "مەیدان و بازانە"ی تایبەتی هەر شیعرێك جیا دەکاتەوە و وەك "بەشیعریبوون" (das Gedichtete)[١٤] دیزاینی دەکات کە فۆرمە بابەتیی و ئۆبژێکتیڤییەکەی خۆی لە شیعردا دۆزیوەتەوە: "تیایدا ئەو قەڵەمڕەوە شایستەیە ئاشکرا دەبێت کە حەقیقەت و شیعر لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت. ئێمە ئەم 'حەقیقەت'ـــە کە زۆرینەی نووسەرە جدییەکان بە شێوەیەکی ڕاست و جەخت خستوویانەتە پاڵ خوڵقاندنەکانیانەوە، وەك فۆرمێکی بەبابەتیکراوی (Gegenständlichkeit)[١٥] ئەکت و کردەی داهێنەرانەی ئەوان دەرك دەکەین، واتا بەدیهاتنی تەکمیلەکراوی هەموو ئەرکێکی هونەرییانە".

هاوشێوەی نۆڤالیس، کە بنیامین دووبارە لە کارەکەیدا بەناوی ***چەمکی ڕەخنەی هونەریی لە ڕۆمانتیسیزمی ئەڵمانی*** ئیقتباسی دەکات ("هەر کارێکی هونەری لەخودی خۆیدا ئایدیالێکی لەپێشینە هەڵدەگرێت، واتا زەروورەتێك بۆ ئامادەبوون و لێرەبوونەکەی")، دەکەوێتە شەڕکردن لەگەڵ خەسڵەتی ڕەقی ئێستاتیکای پۆست-کانتی: واتا پێناسەکردنی فەرمانێك یان شێواز و مۆدێلێکی زەرووری کە شایستەی بەرهەمێکی هونەرییە و واتا کە نابێت لەگەڵ فەرمان و سەپاندنی حەقیقەت لەمانا بەرتەسکەکەیدا بەهەڵە وەك یەك سەیر بکرێت. چۆن بەرهەمێکی هونەریی خۆی بەسەرماندا دەسەپێنێت، چۆن داوامان لێ دەکات بە شێوەیەکی ڕەوایەتیپێدراوانە بیناسینەوە؟ بنیامین هەوڵی دەرهێنانی هونەر لە ستەمکاریی موتڵەقی دەربڕینی سوبژێکتیڤ و زەمینیی دەدات لە ڕێگای پەیبردن پێی لەنێو یاسایەکی سەختدا. بۆ ئەنجامدانی ئەمەش، ئەو ناچاربوو دووبارە ئایدیاڵی شیعری بونیاد بنێتەوە و پاشان "خەسڵەتە دیارەکان بخرێنە کەوانەوە تا ڕۆشناییان لەسەر بنەمای پەیوەندییە ناوەکییەکان، یەکێتیی کردەکییانەی ڕەگەزەکانی دیکەوە بخرێتە سەر".

وەك ڕۆمانتیکە ئەڵمانییەکان، بنیامین هەوڵدەدات لەم زەروورەتە لە ڕێگای زاراوەی "ئەفسانە"وە تێی بگات، واتا زاراوەیەکی هاوتای بەشیعریبوون. بۆ ئەوەی بەرهەمێکی هونەریی بوونی هەبێت، ژیان، کە تەنها "بناغە"ی شیعرە، دەبێت بۆ ئاستێکی پەیوەندیی (پێوەلکان) و مەزنێتی بگوازرێتەوە کە یەکسانە بەو ڕەگەزانەی پێوەرێك بۆ هەڵسەنگاندن و نرخاندنی خۆیان دروست دەکەن. ئەو "ئەفسانە"یەی بنیامین باسی دەکات، دەبێت لە "بەشیعریبوون"دا نەخشەڕێژ بکرێت – واتا لە ناوەرۆکێکی شیعریدا کە دەکرێت لەڕوانگەی فەلسەفیشەوە تەفسیر بکرێت و لێکبدرێتەوە – واتا ناوەرۆکی شیعریی ژیانێکی ڕاستەقینە، ژیانێکی نموونەیی کە بە زاراوە مێژوویییە تایبەتییەکان و هەلومەرجە فەردییەکانی خۆیەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت. "ئەفسانە" پێچەوانەی "ئەفسانەناسی" (میتۆلۆژیا)یە وەك وابەستەیی خودی فۆرم کە دژی وابەستەیی هاوردەکراو و قەرزکراوە و تەنها لە ئاستی بابەتدا دەمێنێتەوە. بنیامین لە شیکارییەکەیدا بۆ دوو شیعرەکەی هۆڵدەرلین، هەوڵدەدات بە دەقیقی ئەوە پیشان بدات چۆن شیعر لە نوسخەی "میتۆلۆژیا"وە کە بریتییە لە ئەفسانەناسیی یۆنانی، دەگوازێتەوە بۆ نوسخەی "خەیاڵیی-ئەفسانەیی" کە تیایدا شاعیر خەیاڵ و ئەفسانەی خۆی، پەیوەندیی و

[14] poetized
[15] objectified

وابەستەیی شیعرییانەی خۆی ڕوون دەکاتەوە: "وابەستەیی بە ئەفسانەناسی و میتۆلۆژیاوە دوور دەکەوێتەوە و هەڵبژاردنی خودی خەیاڵ و ئەفسانە جێگای دەگرێتەوە"[١٦].

ئەرکی ڕەخنە ئەوەیە هێز و توندیی وابەستەیی بەدیهاتوو پیشان بدات و لە ڕێگایەوە ***زەرووڕەت***ی کاری هونەری دەربخات. بۆیە بەم میتۆدەوە: "ئەو بڕیارەی ئێمە لەسەر شیعری غەزەلی دەیدەین، دەبێت، ئەگەر تاقیش نەکرابێتەوە، لانیکەم بە باشی دامەزرابێت". بە فەرامۆشکردنی هێزی بەڵگەی زانستی لە ڕەخنەی ئێستاتیکیدا، لەگەڵ ئەوەشدا بنیامین بەدوای دامەزراندنی بنەمایەکدا دەگەڕێت کە دەکرێت لەسەر بنەمای حوکم و بڕیاری ئێستاتیکی دامەزرابێت. لە کتێبی ***شەقامی یەکئاراستە***دا، قسە لەسەر ئەوە دەکات کە "بە ڕاستی ئێمە بەچی دەڵێین جوان". بە پێچەوانەی ئێستاتیکی ***ئەمانوێل کانت***، لای بنیامین، بەجواندانانی کارێکی هونەریی، دەکرێت پاساوهەڵگر بێت. لەبەر ئەوەی چالاکیی ڕەخنەیی بنیامین پشت بەم پرەنسیپە دەبەستێت، کە لە یەکەم وتاری خۆیدا داڕشتووە، زەرووڕە ئاگامان لە گەشەسەندنی سەرجەمی کارەکانی ئەو هەبێت و ببینین چۆن کارەکانی ئەو وەك نەخشە ڕەخنەییەکەی خۆی لەم بیرۆکەیەوە دێت.

"بە ڕاستی ئێمە بەچی دەڵێین جوان" دەکرێت بە ئاسانی بڵێین کە لەسەر بنەمای ***ئێستاتیکا*** دامەزراوە، بۆیە ***حەقیقەت*** لەوە دەردەچێت بەتەنها وەك زاراوەیەکی تیۆریی سەیر بکرێت. حەقیقەت و هونەر، کە بنیامین لە کارەکانی داهاتوویدا زیاتر ماتریالیزەیان دەکات، بەیەکەوە بەستراونەتەوە. لە نامەیەکیدا بۆ گێرشەم شولەم لە ١٩١٨ بنیامین دەنووسێت:

> "تەنها لە ڕۆمانتیسیزمدا، ئەم بۆچوونە بووەتە بۆچوونێکی بەرجەستە و باڵادەست: واتا ***بەرهەمێکی هونەری*** لەخۆیدا و بۆخۆی و بەبێ گەڕانەوە بۆ تیۆر یان ئەخلاقیات، دەکرێت بەتەنها لە بیرکردنەوە و ڕاماندا دەرك بکرێت و ئەمەش واتا ئەو کەسەی لێی ڕادەمێنێت دەتوانێت عادیلانە ئەم کارە بکات. سەربەخۆیی ڕێژەیی بەرهەمێکی هونەری پێچەوانەی هونەر، یان بە شێوەیەکی باشتر، پێچەوانەی وابەستەییە ترانسێندێتاڵە فراوانەکەی خۆی لەسەر هونەر، بووەتە زەرووڕەتی ڕەخنەی ڕۆمانتیکیی هونەر. بەرپرس دەبم لەوەی ئەمە بسەلمێنم، بەمجۆرە، ئێستاتیکای کانت جۆرە پێشگریمانەیەکی ڕەخنەی هونەری ڕۆمانتیکی لەخۆیدا جێکردۆتەوە"[١٧].

لەبەر ئەوە ناونیشانبوونی فۆرم و "حەقیقەت"ی بەرهەمی هونەریی بەدەقیقیی هاوزەمانی یەکترن، چونکە حەز و ئارەزووی شاعیر حەز و ئارەزوویەکی فەلسەفی/ئێستاتیکیشە. تا ئەو کاتەی شاعیر گەرەنتیی یەکێتییەکەی خۆی بکات، ئەوا پاڵەوانە. بۆیە بنیامین ئازیزترین شوناسی شاعیر و جیهان، ئەو شوناسەی تیایدا هەموو شوناسەکانی ناوەوەی ڕەوتی هەستەکی و زەینی هی شیعرە و بەستراوەتەوە بە شیعرەوە، بناغەیەکە تیادا فۆرمی مۆنۆپۆلکراو دووبارە لە دیمەنێکی فەزا-زەمەنیی و ئەو شوێنەی تیایدا سەرکوتکراوە، دووبارە گەشەی زەمەنیی و

[16]Walter Benjamin, Selected Writings, op.cit, p.114.
[17]Correspondence: The Correspondence of Walter Benjamin, 1910-1 940. Ed . G. Scholem and T. Adorno. Trans. M. R. Jacobson and E. M. Jacobson. Chicago and London: University of Chicago Press, 1994, p.119.

فەزایی خۆی دەگرێتەوە بەر. لە مەرگدا، کە بریتییە لە جیهانەکەی خۆی، هەموو پەیوەندییە ناسراوەکان یەکیان گرتووە.

ئەوە مەرگە کە شـــاعیر – وەك ئەمپیدۆکلیس – وەك پاڵەوانی مرۆڤایەتی قبوڵ دەکات. مەرگیش لێرەدا مانایەکی ڕەمزی هەیە، کە بنیامین لە وتارەکەیدا دەیەوێت بیبەســـتێتەوە بە چەمکی "وەستان"ـــەوە. بنیامین دەنووسێت: "وەستانی سوور و پێداگری ئەم هێڵانە [مەبەست شـــیعرەکانی هۆڵدەرلینە] مەودای شـــاعیر پیشـــان دەدات کە ناچارە هەر فۆرمێك و جیهان بپارێزێت، لەبەر ئەوە ئەو لە یەکێتیی خۆیدایەتی"[١٨]. دواجار شـیعرییەتی هۆڵدەرلین لە قۆناغی پێش مارکسیستبوونی بنیامیندا، ڕۆڵێکی گەورە لە دیاریکردنی تیۆری زمان و تیۆری وەرگێران و تیۆری ئەدەبیات لای ئەو دەگێڕێت.

## حەقیقەتی جەخت

"حەقیقەت"ی شـــیعر، کە جددیترین هونەرمەندان و شـــاعیران بە شـــێوەیەکی جەخت و پێـداگرەوە بۆ خولقێنراوەکـانی خۆیـانی دەبینن، دەبێـت وەك ئۆبژێکتیڤیتە (بـابەتێتیی) [Gegenständlichkeit]ی بەرهەمەکانی خۆیان، تەواوکردن و تەکمیلەکردن[Erfüllung]ی ئەرکی هونەرییانە، بەهەر شـــێوە و شـــێوازێك، دەرك بکرێت و لێکبدرێتەوە. واتا، شـــیعر، حەقیقەتبوون، یان تەکمیلەبوونی خۆی کاتێك بەدەست دەهێنێت کە ***پڕێتیی هەست و وردبینیی*** ئۆبژێکتی ئەزموونکراو بەرجەستە بکات بەبێ ئەوەی بگلێتە نێو چاڵ، وەهەم و کلێشەسازییەوە. ناوەڕۆکی دەرککردن، بیرکردنەوە و حاڵەتی هەستیاریی لەنێو هەلومەرجێکی جیهانیدا هەموار و یەکسـان دەبێت. بۆیە گەشـــەســـەندنی ناوەڕۆکێك لەئاراداییە کە لە سـەرووی ڕەوتی زەمەنی شیعرییەوە پیشان دەدرێت، و ئەم پیشاندانەی گەشـەسـەندنی ناوەڕۆکیش لەناو شیعردا هاوشانە لەگەڵ کارکردن لە ڕێگای ئازادکردنییەوە لە پەرتەوازەیی و نەگونجاویی ڕەوتی ئەزموونی نـاوەوەی هەلومەرجێکی جیهـانی، کە دەبێت بەرەو یەکگرتوویی ســـەرجەمی پەیوەندییەکان بڕوات. بۆیە شـیعر دەگات بە "یەکێتییەکی ســـەنتێزیی نەزمە فیکریی و دەرککردنەکان" لەنێو ڕەوتی بیکردنەوە، ڕەوتی دەرککردن و ڕەوتی هەلومەرجە هەســـتەکییەکاندا. دەســـتکەوتێکی پڕێتیی هەســـت و وردبینی دەربارەی بەشـــی ئەزموونکردنێکی ســـەبژێکت بوونی هەیە، کە لە "یەکێتیی بنچینەیی ئێستاتیکای فۆرم و ناوەڕۆك"دا بەرجەستە دەبێت کە "یەکێتیی ئێستاتیکیی" پەیوەندییەکی هەموارکراو و گەشەسەندووی گونجاو لەنێو ڕەگەزەکانی دیکەدا پیشان دەدات.

بۆ ئەمەش، لەخۆیدا، گەیشتنە بە پڕێتیی ***ژیان وەك سەبژێکتێکی وردبین و هەستیار***. "لای دانەر (creator)[مەبەسـت شـاعیرە]، ئایدیای ئەرك و وەزیفە، هەمیشـە بریتییە لە ژیان... لە [بەشیعرییبووندا] ژیان خۆی لەڕێگای شیعرەوە دیاریدەکات، ئەرك لەڕێگای چارەسـەرکردنەوە دەردەکەوێت". واتا، ژیانی ســـەبژێکت هێزێکی زیاتر، قەوارەیەکی پڕێتیی هەســـتیاریی و وردبینی لە ڕێگای دانان و پێکهێنانی شیعر و هەروەها هەمان چارەسـەرکردن وەردەگرێت کە ئەمەش لەخۆیدا چارەسـەرکردنی کێشـەکە دەسـتنیشـان دەکات کە دەبوو کاری لەسـەر بکرێت.

---

[18]Walter Benjamin, Selected Writings, op.cit, p.126.

("لەبەر ئەوە ئەرك و چارەسەركردن تەنها دەكرێت لە پوختە و ئەبستراكتدا جیابكرێتەوە"). تا ئەو كاتەی شیعرێك سەركەوتوو بێت – واتا خۆی لە پەرتەوازەیی، وەهم و كڵێشەسازیی بەدوور بگرێت – دەگات بە "هێزێكی فراوانی وابەستەیی ڕەگەزەكانی دەرككردن و ڕەگەزە فیكرییەكان" كە دەكرێت ئەمەش وەك دژی "فراوانكردنی لاوازی هەستكردن"، ""بڕیارێكی نەسەلمێنراو" سەیر بكرێت. لێرەوە ڕەخنە ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت لە ڕێگای كاركردن لەسەر ئەزموونی ڕەگەزە جۆراوجۆرەكانی شیعرەوە. ئەمجۆرەی خودی ڕەخنە، لە ڕوانگەی شیعرییەوە ناوەڕۆكی پێكهێنراو و دانراوی شیعر لە ئاراستە و ئارەزوویدا بۆ پڕێتیی هەستیاریی و وردبینی [ژیان] ئاشكرا دەكات[19]. لەبەر ئەوە، هەم ڕەخنە و هەم شیعر وەك لێكدانەوە و ڕاڤەی ئاشكراكەر، ئامانجیان ئەوە نییە پرۆسەی حەقیقەت وەك پەیوەندیی بۆ ئۆبژێكتێك ئاشكرا بكەن بەڵكو دەیانەوێت "حەقیقەتی جەخت"[لێكراو] لەنێو پڕێتییدا لە ڕێگای دانان و پێكهێنانی ئەركی شیعرییەوە دەربخەن. حەقیقەتی جەخت لە خزمەتی تەكمیلەكردنی ژیانی پڕ و تەواودا، لەنێو بەرهەم و لە ڕێگای بەرهەمەوە پێی گەیشتووە و ئامانجی ڕەخنەی ئەدەبی، فەلسەفی و ڕەخنەی بەرهەمیش بە گشتی بەمجۆرەیە.

## خوا وەك ئۆبژێكت

كاتێك بنیامین پێناسەی بەشیعریبوون وەك مۆدێلێكی تایبەت و دیاریكراوی ئۆبژێكتیڤیتە دەكات، نازانین ئاگای لە فینۆمینۆلۆژیای ***ئیمۆند هوسەرڵ*** هەیە یان نا، جگە لەوە ***هێرمان كوهن*** بەشیعریبوون وەك چەمكێكی سنووردار، ئێرنست كاسیرەر بەشیعریبوون وەك جیابوونەوەی یەكێتیی كردەكیی لە یەكێتیی جەوهەریی دەبینێت و هێنری بێرگسن ئایدیای مەودا دەباتە نێو شیكارییەكەیەوە، ئەمەش دیار نییە ئایا بنیامین كاتێك وتارەكەی نووسیوە، نووسینەكانی ئەوانی خوێندۆتەوە یان نا، ناوی نیچە ناپەڕێتەوە ناو وتارەكەی بنیامین بە ناوی "دوو شیعری فریدریش هۆڵدەرلین"، كاتێك خواكانی گەردوونەكەی هۆڵدەرلین بە زاراوەكانی كارەكتەرە "نەرمەكانیان" وەسف دەكرێن. ئایا بنیامین بۆ بێدەنگیی بەرانبەر بە نیچە هەڵدەبژێرێت، ئەمەش خۆی گرنگییەكی تایبەتی هەیە، لەبەر ئەوە، غیابی چەمكی ***ئەپۆڵۆنیی*** پەیوەندیی بە غیابی هاوتا ئەفسانەییەكەیەوە هەیە – سەرەڕای ئەو حەقیقەتە بنچینەییەی كە دیۆنیسیۆس ڕۆڵێكی بچكۆلانە لە نوسخەی دووەمی شیعرەكەی هۆڵدەرلیندا ناگێڕێت، كە بەم ڕستەیە دەست پێ دەكات: "هەروەك لە كاتی پشوودا". لەنێو هەوڵە سەرەتاییەكاندا بۆ ڕزگاركردنی هۆڵدەرلین لە فەرامۆشیی و دانانی لە تەنیشت و یاوەرێتیی گۆتە و شیلەر، وەك ئەو نامیلكە بچكۆلەیەی ***فریدریش گوندۆلف*** لە ١٩١٢دا بە ناوی "كۆمەڵەدوورگەی هۆڵدەرلین" بڵاوبووتەوە، گوندۆلف هەوڵدەدان پیشیانی بدات كە هێلینیزمی هۆڵدەرلین زاڵبوونە بەسەر سنوورە بەرتەسكەكانی كلاسیسیزمی ئەڵمانی و هاوكات ڕێگاكەی بۆ هیلینیزمی دینامیكیی نیچە خۆشكردووە. كارەكتەری ئەپۆلۆنیی یۆنانی هۆڵدەرلین، هەروەك گوندۆلف ڕوونی دەكاتەوە، لە ڕوانینێكەوە سەرچاوە دەگرێت بۆ نێو كارەكتەری بنچینەیی دیۆنیسیۆسیی جیهانی

[19]Richard Eldridge, Images of history: Kant, Benjamin, Freedom and the Human Subject, Oxford University Press, 2016.

سروشتی وەك "***سروشتێکی حەقیقییانە*** لەدروستبووندا"[20]. بنیامین لە وتارەکەیدا دەربارەی گۆتە بە ناوی ***پەیوەندییە هەڵبژێردراوەکان*** وێنەکەی گوندۆلف بۆ گۆتە وەك پاڵەوان بۆ ڕەخنەی وێرانکەر دەبینێت. بەڵام بە پێچەوانەوە لە وتارەکەیدا دەربارەی هۆڵدەرلین، ڕەخنەی ئەو شێوازە لێکدانەوەیەی گوندۆلف هەڵبیژاردووە، فۆرمی بێدەنگیی بەخۆیەوە دەگرێت: لای بنیامین، جگە لە فۆرمی پەتی، خوداکان بوونیان نییە، کە دەکرێت بگوترێت، دیۆنیسیۆس دژی پرەنسیپە ئەپۆلۆنییەکان نییە. بەدوور لە سەلماندنی سەقامگیریی خوداکان، بنیامین پێچەوانەکەی دەسەلمێنێت: خواکان "دەکەونە حاڵەتی نزاکردن بۆ ئەندامە شلۆق و نەرمەکانی خۆیان".

لەبەر ئەوە، غیابی دیۆنیسیۆس لە "دوو شیعرەکەی هۆڵدەرلین"دا لە چەندین شێوازدا خۆی دەردەخات: وەك غیابی مۆتیفە مۆسیقییەکان، تەنانەت کاتێك بنیامین سەرنجی خۆی دەخاتە سەر خەسڵەتە تایبەتە فۆنەتیکییەکانی شیعرەکانی هۆڵدەرلینیش؛ هەروەها وەك غیابی هەرجۆرە ئاماژەکردنێك بە خولسە و حاڵ لێهاتن[21]، وەك غیابی سروشت کە پێشتر وەك کائۆس و ئاژاوەی یەکەمین دەرککراوە؛ وەك غیابی پارادۆکسیکەڵ و دژبەری شەو، بە پێچەوانەی ڕۆژەوە، بە "ڕۆژی بیرکردنەوەشەوە" و بە تایبەتیتریش وەك غیابی "خودای داهاتوو". غیابی دیۆنیسیۆس لە بەشیعریبوونی شیعرەکەی دواتری هۆڵدەرلیندا، بێگومان بەو مانایە دێت کە بنیامین متمانەی بە جۆرێکی هێلینیزمی پاڵەوانپەرستیی گوندۆلف نییە، تا لەنێو شتەکانی دیکەدا، بۆی بگەڕێت؛ بەڵام بەو گریمانەیەوە دەستپێدەکات کە نوسخەی پاڵەوانییانەی هێلینیزم دەمێنێتەوە: ئەگەر بەحاڵی خۆیەوە، بەبێ نوێکردنەوەی دیۆنیسیۆسەوە بەجێبهێڵرێت، ئەوا جیهانی کولتووریی ئەپۆلۆنیی، بە تەواوی وێران دەبێت. لەبەرئەوە یاسای شوناس داوای شتێکی کەمتر یان زیادتر ناکات. چونکە خواکان لە ئەزموونکردنی زەمەنی خۆیان ناسکترن، ئەوان لەجوڵە دەکەون، بۆیە ئەوان "فۆرمی مردوون" بەڵام نامرن. ئا ئەمەیە ڕێنیسانسی دیۆنیسیۆسیی دەست پێ دەکات. بەڵام بیامین بەئاراستەی تەواو جیاوازتردا دەڕوات: خوداکان تەنانەن نەمردوون؛ بە پێچەوانەوە، ئەوان بوونەتە ئۆبژێکتێك کە بەربوونەتەوە نێو دەستەکانی شاعیرەوە، کە شاعیر لەم ڕێگایەوە هەوڵی بە خواکردن و یەزدانیکردنی خواکان نادات، بەڵکو بە پێچەوانەوە، دەیانباتە نێو فەزا و هەرێمێکی سەرنجڕاکێش و نامۆوە، ئەویش ئەو شوێنەیە کە تیایدا: تاوانی دەبەنگی چیتر سزای لەسەر نییە.

ئەو بانگەشەیەی خواکان دەکاتە ئۆبژێکت، دوایین و ئازایانەترین بانگەشەیە کە بنیامین شیکارییەکەی خۆی لەسەری دەباتە پێشەوە. لە شیعری "گەوجێتی"دا ئەم خاڵە یەکاڵا کراوەتەوە:

***"باوکانمان،***

***خودای ئاسمانەکان،***

[20]Peter Fenves, The Messianic Reduction, op.cit, p.33.
[21]Ecstasy

*بیرکردنەوەی ڕۆژ نابەخشن بە*

*هەژار و دەوڵەمەندان".*

لوغز و مەتەڵی ئەم وێنەیە، لای بنیامین، لە فرمانی gönnen دایە، کە بە گشتیی وەك شێوازی بەخشین، کردنە دیاری یان ڕێگاپێدان دەرککراوە و وەرگێردراوە، بەڵام بۆ بنیامین، چەمك و تێگەیشتنی کات وەك بەخشینێکی خوایی یان نیعمەتێك، پەیوەندیی بە نەریتی ئەفسانەناسییەوە هەیە کە "میتۆس" (ئەفسانە)ی شیعرەکەی دواتری هۆڵدەرین لێی جیادەبێتەوە. "خوداوەندی باڵا"، کە نوێنەرایەتیی نەزمی ئەپۆلیی دەکات، کاتێك هەمووان فانین و دەمرن، ئەو چیتر تورە و عەسەبانی نییە. "دەوڵەمەند و هەژار"، دەکرێت بەو جۆرە ببینرێت کە ئەو دەیبینێت: "حەقیقیی". لەبەر ئەوە فانییەکان لەپێگەیەکدان دەتوانن بەرگریی لە یەکسانیی خۆیان لەگەڵ خوداکاندا بکەن، بەڵام نەك لە ڕێگای خواستی تۆڵەکردنەوەیەکی شومەوە. هەموو ئەمانە بەو مانایە دێت کە "بیرکردنەوەی ڕۆژ" ئەو کاتەیە کە تیایدا دەبەنگی بە ئاسانی بێ سزا تێناپەڕێت، ئەگەر وابووایە، تەنها ڕۆژێکی ئاوارتە، واتا ساتورنالیای جۆرەکان، خوداوەندی باڵا "ڕێگای دەدا" هیچ یاسایەکی باڵا لەسەر ئەم بنەمایە بوونی نەبێت کە هەموو کەسێك خۆی لە شوێن و کات جیادەکردەوە. بەڵام ئەگەر خوداکان خۆیان بەدوور لە بەکارهێنانی هێز بەدوور دەگرن کە خۆیان لە فانییەکان جیادەکەنەوە، ئەوا ئەوان بەتەنها "فۆرمی مردوو" نەدەبوون، بەڵکو ئەوان تەنها وەك خوداکان ئۆبژێکتن، کە هیچ ویستێکیان بۆ ئۆبژێکتەکانی خۆیان نییە، کە شاعیران دەتوانن "هەڵیبگرن".

لەبەر ئەوە، تەنانەت تێگەیشتنی بنیامین بۆ خودا لە ڕۆمانتیسیزمی ئەڵمانیی و نەریتی مەسیحی و فەلسەفیشدا بە تەواوی جیاوازە، خودا ئۆبژێکتە. خودا ئەو کاتە (وەك ئۆبژێکتێك) کەشف دەکرێت کە شاعیر دەتوانێت بیهێنێت. دواجار بنیامین پێیوایە لای هۆڵدەرلین، شاعیر تەنانەت "نیمچە-خوا"ش نییە.

## شیعر وەك بازدانێك بۆ ناو مێژوو

## سەبارەت بە بنیامین و هایدیگەر

ئەم بەشە تەرخانکراوە بۆ تێگەیشتنی بنیامین لە هۆڵدەرلین و شیعر بە تایبەت وەك کۆمەکێك بە وەستاندنی بەردەوامێتیی مێژوو، کە بەرەو کارەسات ملی ناوە و لە ڕاستیدا، مرۆڤایەتی ئەزموونی کارەساتەکانیشی کردووە، هاوکات ئەم دیدگایە بەراوردی یەکێك لە دیارترین ڕاڤەکارانی هۆڵدەرلین لەسەدەی ٢٠دا دەکرێت، کە ئەویش مارتین هایدیگەرە.

جیاوازیی ئاراستەی فەلسەفیی هایدیگەر بۆ شیعر تاچەند جیایە لە دیدگای واڵتەر بنیامین؟ شیعر لای هەردوو بیرمەندەکە پێگەیەکی گەورەی داگیرکردووە، بە تایبەت شیعر بۆ هەردووکیان بووەتە دەروازەیەك بۆ تێگەیشتن لە مێژوو. لای هایدیگەر، شیعر حەقیقەتی

بەردەوامێتیی مێژوویی ئاشـــکرا دەکات. لەم بەشـــەدا دەمەوێت پیشـــانی بدەم کە بنیامین چۆن دەقاودەق ئەم تێگەیشـــتنە بۆ بەردەوامێتیی مێژوویی دەخاتە ژێر پرســـیار و تەحەدای دەکات. بنیامین شیعر وەك دابڕانێك لە بەردەوامێتیی مێژوو، واتا بەردەوامێتیی مێژووی گوناە (گوناهی یەکەم) دەخوێنێتەوە، بنیـامین کـاتێك دابڕان لە مێژوو وەك دابڕان لەمێژووی گونـاهبـاربوونی دەبینێت، وشـەی Schuld بەکاردەهێنێت کە لە هەمان کاتدا بە مانای گوناهی یەکەم و هەروەها بە مانای قەرزیش دێت، پاشان درێژە بەم تێگەیشتنە دەدات و سەرمایەداری وەك ئایین دەبینێت، کە ئایین چۆن ئینسان بەگوناهەوە دەلکێنێت، سـەرمایەداریش بە قەرزەوەی گرێ دەدات. لێرەدا لای بنیامین دابڕان لە مێژووی گوناه دابڕانە لە مێژووی سەرمایەداریش.

هەم لای بنیامین و هەم لای هایدیگەر، شیعر نیگایەکمان پێدەدات بۆچوونە ناو حەقیقەتەوە. بەڵام تێگەیشـــتنی هەردووکیان بۆ حەقیقەت، تەواو جیاوازە: هایدیگەر حەقیقەت وەك بەرەی بەردەوامێتیی مێژوویی دەبینێـت، کەچی بنیـامین پێیوایە ئەم بەردەوامبوونە بریتییە لە بەلارێدابردن و وێرانکردنی ئینسـان. وەك ئادۆرنۆ بۆ تەفسـیری بنیامین، لە شـوێنێکدا دەڵێت: بەردەوامێتی مێژووی گەشـــەســـەندنە لە تیروکەوانەوە بۆ چەکی ئەتۆم. لای بنیـامین، ئەم بەردەوامبوونە ئاوێتەکردنی ژیانە بە گوناه (وەك گوتم هاوکات قەرزەوە).

لەبەر ئەوە لێکدانەوەی هایدیگەر و بنیامین لە خوێندنەوەی شـــیعرەکانی هۆڵدەرلیندا، دوو جیهانبینیی بە ڕادیکاڵیی جیاواز ئاشکرا دەکات سەبارەت بە پرسی فەلسەفە و ڕۆڵی ئەدەبیات لە کۆمەڵگادا. هـایـدیگەر پێیوایە خوێنـدنەوەی فەســـەفیـانەی شـــیعری هۆڵـدەرلین بنچینەی بەردەوامێتیی مێژوویی و شـووناسـی گەلی ئەڵمانی دیاری دەکات. ئەگەر لێرەدا تێبینیی بکەین، هـایدیگەر وشـــەی گەلی ئەڵمـانیی (Volksdeutsche) بەکـار دەهێنێت، کە چەمکێك بوو ئەڵمانیای نازیی بەکاری دەهێنا بە مانای "ئەڵمانەکان وەك گەل و وەك ڕەگەز". نازییەکان ئەم چەمکەیان یەکســەر بۆ ئەڵمانەکان لەســەر بنەمانی "ڕەگەز" نەك هاووڵاتیبوون" بەکارهێناوە و کەواتە ئەڵمانەکان لەدەرەوەی ئەو ســـنوورانەوە دەژین کە جولەکەی تێدا نیشـــتەجێیە. لەبەر ئەوەش هایدیگەر پێیوابوو شـیعر دەتوانێت هەڵگری پەیامێکی کۆمەڵایەتی و سـیاسـیی بێت. لێرەدا بیرکردنەوەی بنیـامین ڕۆڵی بەرچـاوی خۆی دەردەخـات کە بریتییە لە دابڕان لەم ئاراستەیە کە بەرەو جەنگ و کاولکاریی دەڕوات. لەبەر ئەوەش بوو لە ساڵی ١٩٣٣ هایدیگەر بە ڕەســـمیی پەیوەنـدیی بە نـازییەکـانەوە کرد، چونکە پێیوابوو ئەوان حەقیقەتی بەردەامێتیی مێژوویی "گەلی ئەڵمانی" و "شوناسی گەلی ئەڵمانی" دەردەخەن و بەڕێوەی دەبەن. لەبەر ئەوە شـۆڕشـی نازیزم، وەك هایدیگەر دەڵێت، هەوڵێکە لەلایەن ئەڵمانەکانەوە بۆ بەدیهێنانی خەونی هۆڵدەرلین. هایدیگەر دەڵێت: "ڕابەر بەتەنها نوێنەر و داهاتووی واقیعی ئەڵمانی و یاساکەیەتی. بژی هیتلەر"[٢٢].

لێرەوە هایدیگەر کە هەوڵیدا ڕۆڵێکی سیاسیی-کۆمەڵایەتیی بەشیعر و بە تایبەت شیعری هۆڵدەرلین ببەخشـێت، لە پێناوی بەدیهێنانی "خەونی گەلی ئەڵمانی"، ڕووبەڕووی تێگەیشـتنی بنیامین دەبێتەوە. دیارە دەبێت ئەوەشمان لەبیر بێت، کە دیدگای بنیامین سـەبارەت بە هۆڵدەرلین

[22]Martin Heidegger, "German Students", a speech delivered on 3 November 1933 at Freiburg university. English translation in R. Wolin, ed., The Heidegger Controversy (MIT Press, 1993), chapter 2.

زۆر کۆنترە لە هی هایدیگەر و بە گشتیش بنیامین لە ١٩١٩ـــــەوە هەرگیز نەگەڕایەوە سەر هۆڵدەرلین، بەڵکو ئەمجارە بەرەو ڕۆمانتیکە ڕادیکاڵە دژەسـەرمایەدارییەکان و پاشـان بەرەو سـوریالیزم ڕۆیشـت. هەرچۆنێك بێت، بنیامینیش پێیوایە شـیعر تەنها کاتێك هەڵگری پەیامێکی سیاسییە کە دابڕانێکی ڕادیکاڵ بێت لە ناعەدالەتیی و نایەکسانیی مێژووی ڕابردوو و مێژووی ئێستا[٢٣].

[23]Michael Mack, Two Different Approaches to the Relationshipbetween Poetry, History and Philosophy:Walter Benjamin and Martin Heidegger, Durham University, New readings, 14, 2014, p.5.